# رۆلی ژن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی
# لە دیاسپۆرای کوردیدا

نەزەند بەگیخانی

سەرەتا:

**ئەم باسە هەڵوەستەیەکە لەبەردەم ئەزموونی ژنی کورد و ستراتیژییەت و تەحەدداکانی بەردەمی لە خۆڕێکخستن و خەباتیاندا بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی مافەکانی خۆیان، لە دەرەوەی کوردستان کە من لێرە بە دیاسپۆرای کوردی ناو دەبەم.**

ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکی چڕ نیە لەمەڕ ئەزموونی ژنی کورد لە دیاسپۆرادا، بەڵکو کورتەباسێکە لەمەڕ ئەو ئەزموونە کە لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنی کورد لە ستۆکهۆڵم، 9-10 ی نیسانی 2005، پێشکەشکەم کرد. بۆیە من لێرەدا ناچمە ناو باس و پێناساندنی رێکخراوەکانی ژنانی کورد کە لە ماوەی 10 –15 ساڵی رابردوو لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا دامەزراون. ئامانجی سەرەکیم لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرنج و ووردبوونەوەیە لەو ئەزموونە بە مەبەستی خوێندنەوەیەکی گشتی. دواتر بە پشتبەستن بە ئەزموونی ژنان کە خۆشم بەشداریم تێدا کردووە هەوڵ دەدەم رۆل و تەحەدداکانی بەشداریکردنی ژنانی کورد لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کوردیدا بە چەند خاڵێک بخەمە روو.

بۆ ئەمەش سەرەتا بە کورتی پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەم و ئاماژە بۆ رۆلی هاووڵاتی و دەسەڵاتدار لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتو و شارستاندا دەکەم.

لە بەشی دووەمدا بە کورتی باس لە دیاسپۆرای کوردی دەکەم وەکو مێژووی جێگیربوون و تەنگ و چەڵەمەکانی خێزان و ژنی کورد لە ژیانی رۆژانەی دیاسپۆرادا. دوای ئەمانە دێمە سەر مەسەلەی سەرەکیی بابەتەکە. لە ئەنجامدا بە کورتی ئاماژە بۆ ئەو ستراتیژییەتە هەمەجۆرانە دەکەم کە ژنانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا دەتوانن پەیڕەوی بکەن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان وەکو ژن و وەکو کورد.

له پێناوی ڕەشکردنەوەی بیروبۆچوونی نەشاز لەسەر ژنانی چالاک و هەڵسوڕاوی بواری فێمینیستی و هەروەها لەسەر گروپ و ڕێکخراوە داکۆکیکەرەکانی مافی ژنان، بە پێویستی دەزانم لێرەدا بڵێم کە خەبات بۆ ئازادی ژن و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، لە لای من جیاناکرێتەوە لە خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردی وەکو نەتەوە. ئەو کار و چالاکییانەی ژنانی کوردی  هەڵسوڕاو و کارا بەجێیان دەهێنن ڕاستەقینەترین شێوازی کوردایەتی و خەباتن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤی کورد وەکو تاک و وەکو نەتەوە: چونکە بەبێ ئازادی ئافرەت نەتەوە ئازاد نابێ.

## پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی:

کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو پانتاییەیە کە هاووڵاتی لە ڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیەوە تیایدا هەڵسوڕاو و چالاکە. بە واتایەکی تر، هاووڵاتی هۆشیار و ئازاد و خاوەن توانا گوزارە لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی دەکات کە سیستەمی یاسا بەڕێوەی دەبات نەک حەز و کرداری فەرمانڕەوایەکی تاکڕەو یا حیزبێکی ستەمکار.

کۆمەڵگەی مەدەنی لایەنێکی کۆمەڵگەیە کە جیایە لە دەسەڵاتدار و سیستەمی دەوڵەتی و سەر بە پرەنسیپی تایبەتی خۆیەتی و خاوەن دەنگێکی جیایە. ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە یا گروپی مەدەنی بریتین لە پاراستن و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ. ئەگەرچی کۆمەلگەی مەدەنی لە دەرەوەی دەسەڵاتە و مەیدانی خەباتیشی دام و دەزگا و ریکخراوە ناحکومیەکانن، بەڵام لە پێناوی ددروستکردنی گۆڕان و داڕشتنی ستراتیژییەتی نوێ و خستنەگەڕی پرۆژەی بنیاتنەر، لە دیالۆگدایە لەگەڵ نوێنەرانی دەسەڵاتداران. لە دەوڵەتانی سەر بە ئەزموونی دیموکراتیش، دەسەڵاتدار کراوەیە بەرامبەر بە چالاکی و بیروڕای کۆمەڵگەی مەدەنی و بەدوای بەموڵککردنی هاوڵاتیدا ناگەڕێ.

بۆ نزیکردنەوەی لە کۆنتێکستی کولتوریی کوردیدا، دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هاووڵاتی دەبێ بە پێشمەرگەی کولتور و مۆدێرنیتێ و بە شێوازێکی کولتوری و مەدەنی بەرەوڕووی دەسەڵات و دەوڵەت دەبێتەوە نەک بە شەڕ و پێکدادان. ئامانجیش لەو خەباتە دروستکردنی گۆڕان و بەرگریکردن و چاودێرکردنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی بەرژەوەندی هاووڵاتیانە.

کەواتە باسکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی دوو فەرەزیەت دەهێنێتە پێشەوە: یەکەمیان دەسەڵات و دەوڵەتە و دووەمیشیان هاووڵاتی. لە وڵاتانی دیموکرات و کراوەدا، هاووڵاتی هۆشیار و کارا و خاوەن دەنگی تایبەت و جیاواز بواری خۆڕێکخستن و کار و چالاکی هەیە و وەکو کەس و

گروپی فشار دەتوانێ کار لە سیاسەت و پلانی دەوڵەت بکات و هاوکێشەی دەسەڵات هەڵوەشێنێتەوە. بە پێچەوانەوە، لە وولاتانی نادیموکرات و تۆتالیتاردا، هاوولاتی کارا و هەڵسوڕاو و سەر بە دەنگی جیا و سەربەخۆ نەک تەنها دەخرێتە پەراوێزەوە، بەڵکو لێدەدرێت و دەمکوت دەکرێت. لەوەی یەکەمدا بوار بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست دەبێ و لەوەی دووەمدا کۆمەڵگە گەشە ناکات و دەسەڵاتداریش لە پێناوی مانەوەی خۆی برەو بە سیاسەتی تۆقان و سزادان دەدات. لەوەی یەکەم عەقلی کاریگەر و رەخنەگر دروست دەبێت و لەوەی دووەم مرۆڤی ترسنۆک و دەستەمۆ دروست دەبێت کە ناتوانێت وەکو تاکێکی ئازاد خاوەنی خۆی بێت و تەحەددای دەسەڵات بکات.

بە واتایەکی تر، هاوولاتی مەدەنی و هەڵسوڕاو و خاوەن بیری ئازاد لە سیستەمی تۆتالیتاریدا لە دایک نابێت. مەدەنیەتی دەسەڵاتداریش لەوەدایە کە رێز لە دەنگی جیاوازی هاوولاتیان و داواکاری و بیرورایان بنێت بە شێوازێکی دیموکراتیانە رەفتاریان لەگەڵدا بکات. لە ئەنجامدا هەردوو لا دیالۆگ دروست بکەن بۆ هێنانەئارای ستراتیژییەتێکی سیاسی کاریگەر کە لە سنوری تەسکی حیزب و دەسەڵاتدارییەتی بچێتە دەرەوە و داوای بەهای ئێتیکی (ئەخلاقی) و مرۆڤانە بکات لە سیاسەتدا. ئەمەش لە ئەنجامدا لە پرۆژەی لەبار و کاریگەردا رەنگدەداتەوە بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و پێشخستنی کۆمەڵگە کە لە بەرژەوەندی گشتی دەکەوێتەوە. دیارە دەوڵەت یا دەسەڵات لە کۆنتێکستی کوردیدا پێناسەیەکی جیا هەڵدەگرێ لەوەی کە باوە، چونکە کورد خاوەنی ستروکتوری دەوڵەتی نیە. دەسەڵاتداری کوردیش (کە تەنها لە کوردستانی باشوردا نیمچە ستروکتورێکی هەیە) تائێستا نەبۆتە خاوەنی بنەمایەکی ئابووری دارێژراو. لەو فەزایەی کە لە کوردستانی باشوردا دروست بووە، تاکی کوردی لە سەرەتای خەباتی کولتوریدایە بۆ دروستکردنی دیالۆگ و کارکردن لە دەسەڵات و سیستەمی بەڕێوەبردن.

## رێکخراوەکانی ژنان کۆسپەکانی بەردەم ژنی کورد:

ژنانی کورد یەک کاتیگۆری نین و هەموو بەیەک جۆر و شێواز کار ناکەن و بیرناکەنەوە. هەروەها لە پێکهاتە و ستاتوشیاندا جیاوازن و بە مێتۆدی جیا کار دەکەن. هەندێکیان داوای بەهێزکردن و خستنەگەڕی توانای ژنان لە رێگای کۆرسی راهێنان و فێربوون دەکەن، هەندێک هۆشیارکردنەوە و ئاشناکردنی ژنان بە ماف و ئەرکەکانیان دەکەنە بنچینەی کارکردن. هەندێکی تر لەو رێکخراوانە شێوازی هەڵمەت و هۆشیارکردنەوەی رای گشتی ناوخۆ و جیهانی لە مەسەلە تابووەکانی وەکو کوشتن و توندوتیژیی بە ناوی ناموسپەرستیەوە یا چاودێری مافی مرۆڤی ژن دەگرنەبەر.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەو ڕێکخراوانەی ژنان لە چ ڕوویەکەوە ڕۆلیان هەبووە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا؟
لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین لەماوەی چواردە ساڵی رابردوودا ژنانی کورد چەند شتێکیان ئەنجامداوە کە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

1. زیادکردنی هۆشیاریی گشتی دەربارەی مافەکانی ژن.
2. پتەوکردنی ناسنامەی کۆمەلایەتی ژن.
3. زیادکردنی بەشداریی ژنان لە ژیانی گشتی و پیشەییدا.
4. شکاندنی تابووەکانی وەکو کوشتنی ناموسپەرستی و داهێنانی بەها و نۆرمی نوێ.

بارودۆخی سیاسی کورد حالەتێکی نەگونجاوی رەخساندووە بۆ سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خود و کردارەکان. دەتوانم تەگەرەکانی بەردەم ژنانی کورد لە چەند خاڵێک کۆبکەمەوە:

1. دابەشبوونی ژنان لەبەشە جیاجیاکانی کوردستان بەسەر حیزب و گرووپە سیاسییەکاندا: دیارە ئەم حالەتە ئازادی بزووتنەوە و هزری رەخنەیی کز دەکات و لە ئەنجامدا ژنان ناتوانن بۆ باسکردنی گیروگرفتەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەر سەربەخۆ و ئازادانە بێنە پێشەوە. ئەمەش تەنها لەبەرئەوە نیە کە حیزب چوارچێوە دادەڕێژێ و بواری کار و بیرکردنەوە تەسک دەکاتەوە یا بوار ناداتە ژن، بەڵکو ئەو ژنانەش کە پابەندی حیزبین خۆیان سانسۆر کردووە و بوار بەخۆیان نادەن گەشە بکەن و سنوری دارێژراوی حیزبایەتی ببڕن و بە شێوازێکی عەقلانی تەحەددای دەسەلات بکەن. هۆکاری ئەم دابەشبوونە تەنها حیزبی یا سیاسی نیە، بەڵکو هەندێ جار کێشەی شەخسی دێتە پێشەوە و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم یەکگرتووی ژنانی کورد و هاوکاری و چالاکییەکانیان.

2. ئەو خاڵەی سەرەوە کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم ژنی کورد. چونکە لە ئاکامدا ژنان لە نێوان خۆیاندا دابەشبوون و بەربەرەکانێی و ململانێی یەکتری دەکەن و پرۆژەی هاوبەش ناخەنە گەڕ. پێشبڕکێ لە کارو چالاکیی ڕێکخراوەیدا ئاساییە بە مەرجێ دیالۆگ هەبێت و پەیوەندییەکان نەپچڕێن. بەلام بەداخەوە لەنێوان ژنانی کورد پێشبڕکێی مەدەنی کەمە و ژنان نەک هەر کەم هاوکاری یەکتری دەکەن، بەڵکو هەندێ جار دوژمنایەتی یەکتریش دەکەن. نمونە زۆرە بۆ سەلماندنی ئەم راستیە بە تایبەتی لە ناوەوەی کوردستان، کە نامانەوێ لێرە باسیان بکەین. ئاکامی هەموو ئەمانە ئەوەیە کە هەروەکو دەیبینین، یەکێتی ژنانی کورد لاوازە و ژنی کورد نەیتوانیوە ببێت بە لۆبییەکی کاریگەر و بەهێز.

3. هەمان هۆکار وا دەکات کە ژنانی کورد باوەڕیان بەخۆیان کەم بێت و دەستپێشکەری لە پڕۆژە و کاری بنیاتنەرانە نەکەن. بۆیە دەبینین ژنان دەچنە ژێر چەتری ڕێکخراوە حیزبییەکان یا ئەو ڕێکخراوە کۆمیونیتییانەی کە پیاو بەڕیوەیان دەبات و پڕۆگرامیان دیاری دەکات. هاوکاری و دیالۆگ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە حیزبی و کۆمیونیتییانە پیوێستە هەبێت، بەڵام لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی هاوسەنگ نەک پەیوەندیی هێز و دەسەڵات (ئەوانی بەهێز و ئێمەی لاواز)، کە لە ئەنجامدا وا دەکات ژنان لە داخوازییەکانیاندا مساوەمە بکەن. ئەگەر ژنان ئەو مساوەمەیە نەکەن، ئەوە بە پەڕگەگر و توندڕەو لە قەڵەم دەدرێن.

4. پەیوەندیی نێوان ژنانی کوردی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بە پێی پێویست فراوان نیە کە ئەمەش وادەکات پرۆژەی هاوبەش و گیانی هاوکاریان لاواز بێت.

5. ژنی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆیی و کۆمیونیتی کاردەکات. لە ئەنجامدا بەشداریکردنی ژنی کورد لە کۆڕ و کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکاندا زۆر کەمە.

## دیاسپۆرای کوردی و ژنی کورد:

ئاشکرایە کە نیشتەجێبوونی کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە بەراوردکردن لەگەڵ کۆمیونیتییەکانی دیکەی وەکو هیندی و عەرەبی و تورکی نوێیە. ئەو خێزانە کوردانەی لە ئەوروپا نیشتەجێبوون جگە لەبەشێکی کوردی تورکیا نەبێت کە وەکو هێزی کرێکار لە ساڵانی شەست و هەفتاکان کۆچیان کردووە بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەوە زۆربەی کورد وەکو پەنابەری سیاسی ڕووی کردۆتە دەرەوە. ئەمەش واتە مرۆڤی کورد بە مێژوویەکی قورسی چەوسانەوە و توندوتیژیی فیزیکی و سایکۆلۆژییەوە، دوای سەفەرێکی پڕ لە نەهامەتی گەیشتۆتە ئەو وڵاتەی کە تێیدا نیشتەجێ دەبێ و خۆیشی هەڵینەبژاردووە. پرۆسەی وەرگرتنی ستاتوی پەنابەریش فشاری زیاتری دەخاتە سەر. ئەم فاکتەرانە پرۆسەی نیشتەجێبوون و گونجان لەناو کۆمەڵگەی میواندار یا داڵدەدەردا سەختتر دەکات. لێرەدا ژنی کورد زیاتر لە پیاو بەرەوڕووی ئازار دەبێتەوە و چەڵەمەی دێتە پێش.

هەروەها ئەگەر باس لە کوردستانی عێراق بکەین، ئەوە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە خێزانی کورد لە توندوتیژیی و مەینەتیەکانی ئەنفال و کیمیایی بارانکردن و جینۆساید ڕایانکردووە. بۆیە بۆ نەوەکانی یەکەم و دووەمیش ئاسان نیە وەکو ئەندامێکی تەندروست هەڵسوڕاو و کارا لە ناو کۆمەڵگەیەکی بێگانەدا ڕۆل ببینێ و کاربکات بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

دەتوانین هەندێک لە گیروگرفتەکانی ژنی کورد لە دیاسپۆرادا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

1. نزمی ئاستی خوێندەواری و نەبوونی بوار بۆ تەواوکردنی خوێندن.
2. کێشەی دەروونییەکانی وەکو خەمۆکی و گۆشەگیری لە ناو ژنان زۆرە.
3. ژنان تەنهان و کەم تێکەڵ بە جیهانی دەرەوە دەبن. بەخێوکردنی منداڵ و کاری ناوماڵ وەکو ئەرکی سەرەکی و بنچینەیی ژن تا رادەیەکی زۆر لە پشت ئەو دیاردەیە دایە
4. بێکاری لە مەیانی ژناندا زۆرە.
5. ژنانی کورد فشاری زیاتریان لەسەرە بۆ پاراستنی ناسنامەی خێزان و گروپ، چونکە ژن وەکو سیمبۆلی بەها و داب و نەریت و ناسنامەی گشت دەبینرێ و لێپراسراوییەتیی بەرهەمهێنانەوەی کولتوری لە ئەستۆدایە. ئەمە هۆکارێکی کاریگەرە لەپشت زیادبوونی کۆنترۆلی پیاو بۆ سەر ژن و توندوتیژیی و تاوانەکانی نامووسپەرستی لە دیاسپۆرای کوردیدا.
6. کێشەکانی ژن و مێرد و جیابوونەوە کە فشاری زیاتر دەخەنە سەر ژن. لە کاتی جیابوونەوەی ژن و مێردا، لە زۆربەی زۆری حالەتەکان منداڵ دەکەوێتە ئەستۆی ژنەوە. ئەمە ئەگەرچی بە خواست و ئارەزووی ژن خۆیەتی، بەڵام ئەرکی ژن زیاتر دەکات و لە فەزای گشتی دایدەبڕێنێ.
7. دەستنەگەییشتن بە بنکەکانی تەندروستی و ماف و دامودەزگا یاساییەکان.
8. ژن وەکو ژن و وەکو پەنابەر و بێگانە بەرەورووی سیاسەتی جواداکاری و رەگەزپەرستی دەبێتەوە

ئەمانە و زۆری تر فاکتەری کاریگەرن بۆ لاوازکردنی ژن و رانەگەییشتن بە کاری رێکخراوەیی و سیاسی.

سەرەڕای هەموو ئەمانە ژنانی کورد دەستەوەستان دانەنیشتوون و توانیویانە خۆیان رێکبخەن و کاریگەرییان هەبێت، نەک تەنها لە رێکخراوەکانی سەر بەژنان، بەڵکو لەناو هەندێ سێنتەری کۆمیونیتی و رێکخراوەکانی تایبەت بە پەنابەران.

## ژنی کورد لە دەرەوە چیان ئەنجامداوە؟

سەرەڕای هەموو کەم و کوڕی و گیروگرفتەکانی بەردەم ژنی کورد لە دەرەوە، ژنانی کورد توانیویانە کۆمەڵێک کار ئەنجام بدەن. رێکخستنی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنان لە ستۆکهۆلم

نموونەی ئەو دەستکەوتانەی ژنانی کوردی دەرەوەن. دیارە ئەو کۆنفرانسە یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد نیە لە دەرەوەی وولات هەروەکو چەند جارێک ئاماژەی بۆ کرا. لە ساڵی 2002 و لە پاریس بزووتنەوەی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی ناسراو بە (کواک) بە هاوکاری تۆڕی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی ژنی کورد و ئەنستیتوی کوردی پاریس کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی ساز کرد کە پێنج سەد کەس لە کورد و بیانی و پسپۆڕ و کەسایەتی هەڵسوڕاو بەشدارییان تێدا کرد. دانهێنان بە هێز و توانای یەکتر و شایان لێنان لەو کارانەی لە رابردوو کراون سیمای هەرە سادەی کۆمەڵگەی مەدەنین کە بەداخەوە لەناو ئێمەی کورددا گەشەی نەکردووە و من ئەمە وەکو رەخنە ئاراستەی نوێنەرانی پڕۆژەی ژنی کورد دەکەم.

## تەحەدداکانی بەردەم ژنانی کورد لەدەرەوە:

لە کاری رێکخراوەییدا، ژنانی کورد بەرەوڕووی کۆمەڵێ تەحەددا دەبنەوە کە پێویستە کاریان بۆ بکرێ و لەبەرچاوبگیرێن. ئەو تەحەددایانەش بریتین:

1. پتەوکردنی پەیوەندیی و خستنەگەڕی پڕۆژەی هاوبەش لەگەڵ ژنانی ناوەوەی کوردستان. پێویستە ریکخراوەکانی ژنان سەربەخۆ و ناسەربەخۆ، ناوەوە و دەرەوە لەیەکتری نزیک بنەوە. لێرەدا گرنگە ژنان پێ لەسەر خاڵە پێکچووەکانی نێوانیان و ئامانجی هاوبەشیان دابگرن نەک تەنها بەشێوازێکی نێگەیڤانە جیاوازییەکان زەق بکەنەوە.

2. دروستکردنی پەیوەندی و دیالۆگ لەگەڵ پیاوانی کورد و دەسەلآتی کوردی. خەبات بۆ دابینکردنی مافەکانی ژن بە تەنها ئەرکی ژن نیە، بەڵکو ئەرکی هەموو تاکێکی هۆشیاری کۆمەڵگەیە. هەروەها ئەو پیاوەی کە کچ یا خوشکی خۆی دەکوژێ چەوساوەی عەقلیەتێکی دواکەوتووە و بە قەد ژن پێویستی بە رزگاربوون هەیە. بۆیە ئەو خەباتە بە تەنها هی ژن نیە، بەڵکو هی ژن و پیاوە پێکەوە بۆ ئازادی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگە.

3. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە بیانییەکانی ژنان و مافی مرۆڤ و دام و دەزگا نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرانی حکومیی ئەو وولاتانەی کە کوردی تێدا دەژی. واتە ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی و راوێژکاری لەگەل ژن و پسپۆڕانی نێودەوڵەتی.

4. لەم سەردەمەی جیهانگیریدا، ژنی کورد پێویستییەکی زۆری بەوە هەیە کە لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکاندا دەنگ و نوێنەری هەبێت. بۆ ئەوەی تەنها وەکو قوربانی و (ئۆبژێکت) ناوی نەیەت، بەڵکو وەکو کارا و هەڵسوڕاو (سەبژێکت) خۆی بسەلمێنێ. لەدوای ڕووداوی کوشتنی چەند ژنێکی کورد لە دەرەوە بەبیانووی نامووسپەرستیەوە، وەکو فاتیمە شاهیندال و هێشوو یونس و پێلا ئەتروشی، ژنی کورد بۆتە بابەتی زۆر کۆڕ و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی و هاتۆتە ناو ڕۆژەڤی جیهانی و ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەکو UN و ئەمنێستی ئینتەرناسیۆنال، بەڵام بەداخەوە تەنها وەکو چەوساوە و قوربانی ناوی دێ نەک بە پێچەوانەوە. دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین لە کۆنتێکستی ناوخۆیی و کۆمیۆنیتی بێینە دەرەوە و نێودەوڵەتیانە بیر بکەینەوە و کاربکەین.

5. ڕاستە هەروەکو ووتم دیاسپۆرای کورد مێژوویەکی درێژی نیە و سەقامگیر و پتەو نیە، بەڵام پێویستە سستراتیژییەتی گونجاو هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خێزانی کوردی و بوار بڕەخسێندرێ کە نەوەی دووەم و گەنجەکان بە سوودوەرگرتن لە لایەنی پۆزەتیڤی هەردوو کولتوری کوردی و بێگانە کەسایەتی و بیریان دەوڵەمەند بکرێت و هان بدرێن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕۆل ببینن.

6. پەروەردە و فێرکردنی مافی مرۆڤ لەناو کورد هەرس ناکرێ بەبێ هێنانە پێشەوەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد. چونکە کە باس لە مافی ژن دەکەین، زۆرجار جۆرێ لە ناتێگەییشتن لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە دروست دەبێت. هاوتا لەگەڵ نەبوونی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ نوێنەرانی کۆمیونیتێ، هەندێ جار دژایەتیش دروست دەبێت. ستراتیژییەتی نوێ ئەوە دەخوازێت کە هاوتا لەگەڵ باسکردنی مافی نەتەوەیی کورد، مەسەلەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، بەتایبەتی مافەکانی ژن بهێنرێنە پێشەوە. ئەم دوو خەباتە لەیەکتری جیاناکرێنەوە و نابێ یەک لە پێناو ئەوی دیکە دوا بخرێت.

7. دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە بنچینەییەکانی وەکو ئەنفال لە ڕێگای کەناڵە دیپلۆماسیەکان و لەسەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتیەکان. ئەو کێشە و مەینەتیانەی ئەنفال دروستی کردوون بە شین و واوەیلا و ووروژانی عاتیفە چارەسەر نابن، پێویستە مرۆڤی بەتوانای کورد بە ژن و پیاوەوە ستراتیژییەتی نێودەوڵەتی و یاسایی دابڕێژن بۆ نزیکبوونەوە لەم کێشانە.

8. بەشداریی چالاکانەی ژنی کورد لە میدیا و سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای مۆدێرن، بە تایبەتی ئینتەرنێت.

## رۆلی میدیا له‌ بنیاتنانی کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نیدا

هه‌مومان ده‌زانین که‌ میدیا رۆلی زۆره‌ له‌ هۆشیارکردنه‌وه‌ی خه‌ڵک و ئاگادارکردنه‌وه‌یان له‌ ماف و پێویستی و ئه‌رکه‌کانی ژن له‌ ناو کۆمه‌ڵگه‌ نه‌ک ته‌نها وه‌کو دایک و ئامرازی زاووزێ و خزمه‌تی ناوماڵ، به‌ڵکو وه‌کو هێزێکی فیکری و کارا و کارگێڕ له‌ بواره‌ گشتیه‌کاندا.

میدیای ئازاد سیمای هه‌ره‌ دیاری بوونی کۆمه‌لگه‌ی مه‌ده‌نیه‌. کاتێ ده‌سه‌لاتدار یا حیزب کۆنترۆلی ده‌زگاکانی راگه‌یاندن ده‌کات، ئه‌وه‌ مه‌وزوعیه‌ت له‌ناو ده‌چێ و ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵگه‌ش چه‌واشه‌ ده‌بن و مه‌سه‌له‌ گرنگ و راسته‌قینه‌کانیش نایه‌نه‌ به‌ر باس و لێکۆڵینه‌وه‌. ژنی خاوه‌ن فیکر و هه‌ڵسوڕاو به‌ رای من ده‌بێ هه‌ڵمه‌ت رێکبخات و داوای سه‌ربه‌خۆیی میدیا بکات. هه‌روه‌ها ژنان ده‌بێ به‌شداری له‌ میدیادا بکه‌ن و رۆلیان هه‌بێت له‌ شکاندنی تابووه‌کان و ببنه‌ ئه‌لته‌رنه‌تیڤ بۆ کۆمه‌ڵگه‌ و بۆ ده‌سه‌لاتداریش. ئه‌و پرۆگرام و پرۆژانه‌ی که‌ تایبه‌تن به‌ مافی هاوولاتی و مه‌ده‌نیه‌ت و په‌روه‌رده‌ی مه‌ده‌نی که‌ وه‌زاره‌تی مافی مرۆڤ گرنگیان پێده‌دا، ته‌نها له‌ رێگای ۆروکشۆپ و سیمیناره‌وه‌ ناگه‌نه‌ خه‌ڵک. پێویسته‌ ئه‌مانه‌ له‌ رێگای که‌ناله‌کانی رادیۆ و ته‌له‌ڤزیۆنه‌وه‌ بگه‌یه‌نرێنه‌ ناو هه‌موو ماڵ و خێزانێک.

ئینته‌رنێت ئیمرۆ شۆڕشێکی دروست کردووه‌ بۆ گه‌یاندنی ده‌نگی ژێرده‌سته‌ و چه‌وساوه‌کان به‌ جیهان. کورد و ژن سوودمه‌ندی گه‌وره‌ی ئه‌و شۆڕشه‌ ته‌کنۆلۆژییه‌ن. ئینته‌رنێت ته‌نها بواری ئه‌وه‌ نادات ده‌نگی خۆمان به‌ رای گشتی رابگه‌یه‌نین و مه‌سه‌له‌کانی کورد و پێشێلکردنه‌کانی مافی کورد و ژنی کورد بگه‌یه‌نینه‌ جیهان، به‌ڵکو وه‌کو شۆڕشێکی شاراوه‌ پانتاییه‌کی دروستکردووه‌ بۆ ژن و پیاوان بۆ په‌یوه‌ندی و بیروڕا گۆڕینه‌وه‌ و وه‌ده‌ستهێنانی زانیاری و بڕینی سنوره‌ داڕێژراوه‌کان و ده‌رچوون له‌ کۆنترۆلی خێزان و کۆمیونیتی و حیزب و ده‌سه‌لاتدار.

ژنانی کورد تا چه‌ند سوودیان له‌ ئینته‌رنێت وه‌رگرتووه‌؟ وه‌لامی ئه‌و پرسیاره‌ پێویستی به‌ لێکۆڵینه‌وه‌ی مه‌یدانی و تێڕامان هه‌یه‌. ژنی کورد ده‌توانێ له‌ رێگای به‌شداریی چالاکانه‌ی له‌ میدیا و به‌رگریکردنی له‌ سه‌ربه‌خۆیی میدیا، رۆلێکی کاریگه‌رتر ببێنی له‌ بنیاتنانی کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نیدا.

## ئەنجام:

هاوتا لەگەڵ چەوسانەوەی نەتەوەییدا، نەبوونی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا مەسەلەی سیاسیی کوردی دواخستووە و بۆتە کۆسپێک لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە. لە رابردوودا ئەوە پەنجەی لەسەر دانەدەنرا و پشتگوێ دەخرا، بەڵام ئیمڕۆ رێکخراوەکانی ژنان هۆشیارییەکی رێژەییان لەم مەسەلەیە خولقاندووە.

سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی کوردی خۆی لە حیزبدا بەرجەستە دەکات و دام و دەزگا سیاسیەکانی وەکو پەرلەمانیش حیزب خاوەندارییەتیان دەکات، کەچی لەم چەند ساڵەی رابردوودا کوردستانی باشور ئەزموونێکی نوێی بەخۆیەوە بینیوە. ئەو نیمچە سەربەخۆیەی کە لە ساڵی 1992 ەوە هەبووە، سەرەڕای گیروگرفت و مەینەتیەکانی شەڕی خۆکوژی، پانتاییەکی رەخساندووە بۆ هاووڵاتیان بۆ خۆرێکخستن و کارکردنی رێکخراوەی و مەدەنی و بەرگریکردن لە مافەکانیان. ژنانی کورد لەم ئەزموونەدا رۆلی چالاکیان بینیوە، بەڵام کار و پرۆژەکانیان لە ئاستی پێویستییە زۆرەکانی مەیدانەکەدا نەبووە. بۆ ئەمەش زۆر هۆکار هەیە و لەم کورتە باسەدا هەوڵمان دا ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین.

مەسەلەی نەتەوەیی ئەگەرچی ژنی کوردی لەماڵ هێناوەتە دەوەوە و ئاشنای کردووە بە کاری رێکخراوەی و تێکۆشان، بەڵام لە هەمان کاتدا رێگریش بووە لەبەردەم ئازادی و سەربەخۆیی ژن و یەکسانی ژێندەر.

لەسەرێکەوە کێشەی نەتەوەیی ژنی کوردی بەرەورووی چەوسانەوە و توندوتیژیی دەوڵەتی کردووە. لەم رووەوە ژنانی کورد زیندانی و لێدان و راگوێزانەوەی بەزۆر ماڵ تێکچوون و فرۆشتنیان لە لایەن رژێمی بەعسەوە و ئەنفال و هەڵەبجە و هتد چەشتووە، کە لە ئەنجامدا ستروکتوری کۆمەڵگەی کوردی تێکشکاندووە ومرۆڤی کوردی تووشی نەهامەتی دەروونی و فیزیکی کردووە. لە لایەکی دیکە، لەبەر ئەوەی حیزبە کوردییەکان بە لایەنە راستڕەو و چەپەکانیشەوە، لە کارکردن و پێکهاتەیاندا ستراتیژییەتی یەکسانی ژن و پیاویان لەبەرچاو نەگرتووە، لە ئەنجامدا ژن تەنها وەکو هەڵگری بەها و ناسنامەی گروپ و ئامرازی نەوەنانەوە حیسابی بۆ کراوە. ئەمەش فشاری زیاتری خستۆتە سەر ژن و لە فەزای نهێنی و پەراوێزدا رایگرتووە.

پابەندی ژنی کوردیش بە مەسەلەی نەتەوەییەوە و بەوجۆرەی لە پرۆگرامی حیزبەکاندا هاتووە، وایکردووە کە ژنی کورد نەتوانێت لەسەر ئاستی فیکری رەخنە بگرێت لە سیاسەتی نایەکسانیخوازی دەسەڵاتی کوردی بەمەستی دروستکردنی دیالۆگ و چاککردنی بارودۆخەکە و

بناتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی. ئەمە لەوانەیە لێکدانەوەیەکی تریش هەڵبگرێ ئەویش ئەوەیە کە بارودۆخی سیاسیی کورد مرۆڤی کوردی لە ناو حالەتێکی سایکۆلۆژیی وەهادا راگرتووە کە دووری خستۆتەوە لە کولتوری رەخنە و دیالۆگ. مرۆڤی کورد ئاشنایەتی لەگەڵ گلەیی و گازاندە و هێرشکردن هەیە کە دیارە زۆر جیاوازە لە رەخنە: ئەگەر رەخنەی بنیاتنەر گیانی هاوکاری و دیالۆگ بووروووژێنێ، ئەوە گلەیی و گازاندە شکستییەکانی ناوەوەی خۆمان دەردەبڕێ و پەیامێکی دڵشکێنەریش دەدا بەویتر. ئەمە هاووڵاتی کوردی وا لێکردووە نەتوانێ کاریگەریی دروستی هەبێت لەسەر واقیع و ببێتە ئەڵتەرنەتیڤ و هێزێک بۆ گۆڕان و نەهێشتنی زۆڵم و زۆرداری.

لە ئەنجامدا دەڵێم، هەر دەسەڵاتێک یا حیزبێک لە خەباتیدا بۆ دابینکردنی ماف و ئازادیی کورد و سەربەخۆیی نەتەوەیی، ئەگەر یەکسانی ژێندەر و دادوەری کۆمەڵایەتی و ئابووری نەکاتە بنچینەی ستراتیژییەتی کارکردن، ئەوە ناتوانێت کاریگەر بێت لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. ئامانجی سەرەکی رێکخراوە مەدەنیەکانیش دەبێ برەودان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بێ.

کێشەکانی ژنی کورد بە تەنها کێشەی یەک رەگەز نین، بەڵکو کێشەی مرۆڤن و چارەسەرکردنیان پێویستی بە بەشداریی گشتی ژن و پیاوەوە هەیە. راستە لە سیستەمی پیاوسالاریدا پەیوەندییەکانی ژێندر لە هاوکێشەی ستەمکار و زاڵ - ستەملێکرا و ژێردەستە دا خۆیان دەنوێنن، بەڵام بەرای من پیاویش بەقەد ژن و بەشێوازێکی جیا ژێردەست و چەوساوەیە: چەوساوەی عەقلیەتێکی نامرۆڤانە. ئەو باوکەی دەستی دەچێتە خوێنی کچەکەی خۆی، ئازاد نیە و پێویستی بە یارمەتی و ئازادبوون هەیە لەو دەسەڵاتەی کە ئەو کارەی پێدەکات: دەسەڵاتی پیاوسالاری. بۆیە بەشداریی هاوبەشی ژن و پیاو پێویستە بۆ ئازادکردنی مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە هەندێ جار ئەو کێشانە، وەکو کێشەی ژنانی ئەنفال، پێویستیان بە ستراتیژییەت و مێتودی سیاسیانە هەیە. دەبێ ئێمە لە کۆنتێکستی مافی مرۆڤەوە بیانخەینە روو. بۆ نموونە: ئەو کێشانەی نەبات خان[1] لەم کۆنفرانسەدا باسی کردن، وا پێویست دەکات کە لەگەڵ رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و لەسەر بنچینەی یاسا نێودەوڵەتیەکان کاریان بۆ بکرێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ستراتیژییەتی نوێی ژنی کورد دەبێ ئەوە بێت کە هاوتا لەگەڵ باسکردنی مافی نەتەوەیی کورد کە دیارە هەموومان پابەندین پێیەوە، مەسەلەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، بەتایبەتی مافەکانی ژن بهێنرێنە پێشەوە. ئەم دوو خەباتە لەیەکتری جیاناکرێنەوە و نابێ یەک

---

[1]. نەبات خان ژنێکی ئەنفالە کە لە کۆنفراسەکەدا باسی ژیانی تایبەتی خۆیی ئەو تراژیدیا گەورەیە کرد کە بەسەر خێزان و خانەوادەکەیدا هاتووە.

له پێناو ئەوی دیکە دوا بخرێت. ئەگەر رێکخراوەکانی ژنان لە مێتۆد و سیاسەتیاندا جیاوازیش بن، پێویستە لە ئامانجدا یەکبگرنەوە ئەو ئامانجەش یەکسانی ژێندەرو دادوەری کۆمەلایەتی و ئابووری بێت بە ئاراستەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کوردی.

**کۆتایی**